www.kurdistannet.org

10/01/2002 22:14

## کتێبێکی هەرە گرنگ لە کتێبفرۆشیەکاندا

## ناوی کتێبەکە : "دادگایی هنری کیسنجەر"

## نووسەر: کریستۆفەر هچنز

## هنری کیسنجەر – جینایەتکاری جەنگ

حەمید کەشکۆلی

ناوەرۆکی قانوونی هەقناسی نیودەولەتی، پیمان رادەگەیینی کە وا وەختی خۆیەتی، کلیلی سیاسەتی ئیمپریالیستانە و وەزیری پیشووی دەرەوەی ئەمریکا، هنری کیسنجەریش وەکو جینایەتکاری جەنگی وکۆملکوژ، بدریتە دادگا. ژورنالیست کریستوفەر هچنز، گرنگترین نوختەی بۆ تاوانبارکردنی لکیسنجەر لە کتیبەکەی خویدا The Trial of Henry Kissinger "گردەوە کردووە. هچنز باس لە دەستتیکەلی کیسنجەر لە ریزیك کونفلیکت وکیشەی سیاسی، وەك کودەتایەکەی پینۆشت لە چیلە و کوشتنی خەلکی لە تیمۆری شەرقی، دەکات.

The Trial of Henry Kissinger سەرنجی خەلکی لە جیهاندا کیشاو بە زنجیرە لە sHarper ی ئەمریکایی، گاردیان ی بریتانی و ئلپایس ی ئسپانیولی چاپ کراوە. گۆواری Ordfront ی چاپی سویدیش هەندەك لەو توهمەتە سەرنجراکیشانەی لە ژمارە ٢٠٠١\٦ی مانگی یونی دا بە چاپ گەیاندبوو.هەمو شکایەتنامەکە لەسەر کاروکردەوەی کیسنجەرە لە شەری دەسدریژی بەسەر ڤیتنام و غەزای کامبودیا و لاوس.

قانوونی نویی هەقناسیی نیودەولەتی، دیت وەك ئامرازی دووروویی و ناهەق لە دەستی زوردان ریسوا دەبی، ئەگەر بیت و یاسا کیسنجەر نەگریتەوە و لە عەدالەت هەلبیت.

با نووسەری کتیبەکە نەیاریکی سیاسیی کیسنجەریش بی، بەلام قسەی هەقی کردووە و بەبەلگەو بە وردی زۆریك لە جینایەتەکانی کیسنجەر، لە تاوانی شەر بگرە تا دەگاتە پیشیلکردنی مافی مروڤ و یاساکانی نێودەولەتی و کوشت وبر و پیلان بۆ مروکوژی و قەپاندن و ئەشکەنجە، و اغتصاب لە کتیبەگەدا گرەوە کردوەتەوە. زۆر بە کورتی ئەو نوختە هەرە گرنگانەی کە ریی تیدەچی کیسنجەر لە سەریان بدریتە محکمە، ئەمانەی خوارەوەن:

١– کوشتنی بەقەستیی خەلکی مولکی لە چین وماچین.

٢– کومەك کردن ودەست هەبوونی لە کومەل کوژی و پاشان راستەخو بەشداری لە قەتل، لە بەنگلادش.

٣– بریار دەرکردن وپیلان دانان بۆ کوشتنی سەرکردەیەکی شەرعی لە ولاتیکی دیموکراتی – چیلە – کە ئەمریکا لە حالەتی جەنگ نهبووە لە گەل ئەو ولاتە.

٤– بەشداری بە شەخسی خۆی لە پیلانگیران بۆ کوشتنی رەئیسی قوبرس کە ولاتیکی دیموکراتییە.

٥– هان دان و زەمینە خوش کردن بۆ قەتلعامی خەلکی لە تیمۆری شەرقیدا.

٦– بەشداری شەخسی خۆی لە دانانی پیلان بۆ قەپاندن وکوشتنی رۆژنامەوامیکی نیشتەجیی واشنتن،دی سی.

ئەوانەی سەرەوە هەر هەمو توهمەکان نین، چونکە زۆریك لە تاوانەکان بی بەلگە و دەکومینت ئاشکرانە بۆ هەمو، داییش کیسنجەر زۆر بەلگەی فەوتاندووە یان دوور لە لیکولینەر و توژینەر راگرتوون و زۆریکیشی شیوانوون. حسابی ئەوەشی کردووە، رۆژیك هەر دەبی بکەویتە ژیر پرسیار بۆیە زۆر بەلگەی قەلبی بۆ ناممکن کردنی مەحکەمە کەی چی کردووە.

©KurdistanNet

دەکومینت هەیە نیشان دەدەن کە بە بریار و پیلانی خوی عەسکەری ئەمریکی بە کومەل لە خەلکی ڤیتنام و کەمبودیایان کوشتووە بی ئەوەی بیانوویەك هەبیت یان پیداویستی شەر بووبیت، هەر تەنها بۆ زەبوون کردن چاوترسینی گەلانی داماوی بیدیفاعی چەوساوە بووە.

رەنگە لەم رۆژانەدا، هەندیك لە شەریکەکانی جینایەتی کیسنجەر لە زینداندا بن یان مەحکەمە دەکرین، بەلام خوی کە سەری مارەکەیە ئازاد و دەستڕۆیشتتوترین قاتلە لە دنیایی. ئەگەر دنیا وا بروا و عەدالەت نەیگری، ئەوا قسەی ئاناکاریس فیلەسوفی گریکیمان دیتەوە یاد کە دەلی : یاسا وەك رایەلەی جاجالوکەیە وا بهەیزە لاوازان دەکەونە داوەکەی و واش لاوازە ناتوتنی بەهیزەکان بگری.

لە ژمارەکانی دوایی گوڤاری گزینگ دا بەشیك لە بیرەوەریەکانی کیسنجەر — ئەوەی ئیوەندی بە کورد و شورشی ئەیلوولەوە هەیە کراون بە کودی و ئامازەش بەم کتیبە کراوە. مەبەستم لیرەدا ئەوەیە ئیمە کورد دەبی باش ئاگامان لە فرتوفیلی زلهیزەکان بیت.

ناوی کتیبەکە

The Trial of Henry Kissinger
By
Christopher Hitchens

©Kurdistan Net